# تاراوگە: شوێنێ لە دەرەوەی ماڵ!

سەردار عەزیز-ئایرلەند

ئایا شوێنێکی تر هەیە لە دەرەوەی ماڵ؟ دیدالۆسی جۆیس دەڵێ: "رۆح لە دایکبونێکی لە سەرخۆی هەیە لە دایکبونێکی تاریک، بە بەراورد بە جەستە لەدایکبوونی رۆح پڕ نهێنی ترە. کاتێ کەسێ رۆحی لەولاتەکەیا لەدایک دەبێت، دەکەوێتە تۆڕێکەوە کە رێی فرینی لێئەگرێ." ئەگەر ئەو تۆرەی کە دیدالۆس باسی ئەکات چنرابێت لە ئاین، زمان، کەسوکار، مێژوو، شوێن، ئاشنایەتی، منالێ، هاورێ، ئایا کەسێ ئەتوانێ لێی هەڵبێ یان هەر وەک جەستە بەجێی دیڵێ. نوسەرو فیمینستی ئوستورالی جیرمانی گێر، بروای وایە شوێنێکی تر نیە لە دەرەوەی ماڵ. ئایا ماڵ چیە، کەوا ناتوانین شوێنێکی تر لەدەرەوەی بدۆزینەوە؟ بە بروای ئیمانوئێل لیڤیناس ماڵ ئەو شوێنەیە کە مرۆڤ چالاکیەکانی لێوە دەست پێ ئەکات. ماڵ چەند مەرجێک بەرقەرار ئەکات کە یارمەتی کەسێ ئەدا بۆ ئەوەی بتوانێ لە دونیادا چالاک بێت. کەسێ بۆ ئەوەی بتوانێ لەدونیادا چالاک بێت پێویستی بەشوێنێکی وەک ماڵ هەیە بۆ ئەوەی بیکاتە خاڵێ دەست پێکردن. جگە لەوە ماڵ ئەو شوێنەیە کە ئاشتی و دڵنیایی تیا بەرقەرارە، هەر ئەم ئاشتی و دڵنیاییەیە کە وەها لە کەسی خاوەن ماڵ ئەکات تونای ئەوەی هەبێ  کاتێک کە ماڵ دایە لە دونیا داببڕێ، ئەم دابرانە پێویستە بۆ تێگەیشتن لە دونیا؛ چونکە ئێمە ناتوانین لە دونیا تێبگەین کاتێ کە تیایا چالاکین. بەم پێیە ئەگەر تاراوگە شوێنێک بێت لەدەرەوەی ماڵ، ئەوا کەسی تاراوگە ئەو کەسەیە کە توانای تێگەیشتن لە دونیا لە دەست ئەدات.
بۆیە لە ماڵ بوون بریتی نیە لە بوون لە جوگرافیای ماڵدا بەڵکو لە ماڵ بوونە لە رووی هەست و  زانینەوە. هایدگەر لە قسەکردنی لە سەر شیعرێکی هۆڵدەرلین دەڵێ دەبێ فێربین لەماڵدا بۆ ئەوەی لەماڵدا بین. کەواتە ماڵ بەها و هەست و مەعریفەیە  لەمیانەی بەدواداگەراندا پێی ئاشنا دەبین. بەلام ئەگەر بگەرینەوە بۆ گوتەزاکەی لیڤیناس و پێچەوانەی کەینەوە، ئەوا بۆ ئەوەی لەماڵ تێبگەین دەبێ لەماڵ برۆینە دەرەوە. چونکە ئەو ساتەوەختەی کە لەماڵداین تیایدا چالاکین، چالاکبوونیشام رێمان نادا بۆ ئەوەی لێی تێبگەین. رەنگە ئەم لێکدانەوەیە لەو هەستە تێبگات کاتێ کەسێ دەیەوێ ماڵ بەجێ بهێڵێ لە کاتێکا کە بەجێی دیڵێ لێی تێدەگات بۆیە دەیەوێ بۆی بگەرێتەوە.
 میلان کوندێرا دوا رۆمانی خۆی کە بەناوی بێئاگاییەوەیە، بەم جۆرە بۆ رۆژنامەیەکی ئەدەبی کورتکردەوە. کچێ لە قوتابخانە دەبێ بچێ بۆ سەفەر بۆ یەکێک لە سەیرانگا پڕ بەفرەکانی شاخی ئەلپ. کچەکە هاورێکەی خۆش ئەوێ لەوەش بە ئاگایە بەرۆشتنی بۆ سەفەرەکە هاورێتیەکەیان کۆتایی پێدێ بەلام سەرەرای ئەوە سەرپێچی بریارەکەی دەکات و دەروا بۆ سەفەرەکە. لە سەفەرەکە لە ئەوانی تر دائەبرێت و لە نێوبەفرێکی پاکا لە بن دارێکا خۆی رووت ئەکاتەوە تا لە سەرماندا دەمرێ. کۆندێرا دەیەوێ بڵێ ئێمە سەرەرای ئەوە ماڵ و شوێنەکانمان خۆش دەوێ بەلام سەرپێچی لێدەکەین و بەجێی دێڵین، کە بەجێی دێڵین لێی پەشیمانین، بۆیە بە ئازاریەوە دەمرین.

بەلام ئێمە لە ئەفلاتون و ئەرستۆوە فێری ئەوە بووین کە بنەمای فەلسەفەکردن تێرامانە. ئەگەر ماڵ ئەو شوێنە بێت کە هەموو شتێ تیا ئاشنا بێت و لە دۆخێکی دڵنیایدا تیایدا بژین ئەوا هەستی تێرامانمان لەلا گەلاڵە نابێ، بۆیە زۆرگران دەبێ لە ماڵدا ببینە خاوەن بیرکردنەوەی فەلسەفی. بەلام لای لیڤیناس ماڵ شوێنی بیرکردنەوەیە، لە هەمانکاتدا بیرکردنەوەی فەلسەفی لای ئەو لە سادەخستنی ئەو شت و دیاریدانەیە کە میانەی رودانیان و بەردەوام بینینمان بۆیان دەبنە سادە. بۆیە ئەگەر لە ماڵێکا بین و هەموو شتەکان تیایدا چی دی نەبنە مایەی سەرنجمان، هیچ شتێ نەبێتە  رامان ، ئەوا وەک ئەوە وایە لە گۆرێکدا بین. بەلام لە هەمانکاتدا تاراوگە گەرەنتی ئەوەمان ناداتێ کە بمانکاتە کەسێکی بیرکەرەوە. بەلام تاراوگە مرۆڤ ناچارئەکات  بە بیرکردنەوە، ئیتر تا چەندێک ئەو بیرکردنەوانە داهێنەرانەن ، مەسەلەیەکی ترە.

 ئەدەبی تاراوگە ئەدەبی لە ماڵ دابرانە. ئەدەبێکە کە ماڵ هەردەم تیا گەورەترین ئامادەیی هەیە. ئەدەبی بەراوردکاری نێوان دوو ژیانە، دوو شێواز. بەلام لەوە ناچێ ئەدەبی تاراوگەی کوردی هێشتا لەدایک بوبێت. بۆئەوەی کەسێک واقیعێک بکاتە بابەتی بەرهەمێکی ئەدەبی دەبێ بەشێوەیەکی تۆکمەو چروپر لەو واقیعە تێگەشتبێ، تێگەیشتنی کە بتوانێ لەو واقیعە دابرێ و بیکاتە کەرەستەی بەرهەمێکی ئەدەبی.

بەبروای من ساتەوەختی لەدایک بوونی دەقی ئەدەبی ساتەوەختی نامۆبوونە. نامۆبوون بە جۆرێ هەست بکەی لەتاراوگەدای چونکە دەبی هەموو رووداو شت و کەسەکان بە جۆرێکی وەها جیاواز ببینی کە لای ئەوانی تر ببکەتە مایەی تێرامان. وەک ئەو وێنەگرەی کە لەگۆشەیەکی زۆرجیاوە لە شتێکی سادە دەروانێ بە جۆری وەهامان لێئەکات لێیرامێنین. ئەم تێروانینە رەنگە لەگەڵ ئەو تێروانینەی بەختیار عەلی-دا تەبابێت، چونکە بەختیار دەیەوێ پێمان بڵێ کە تاراوگە دەتوانرێ پۆزەتیف بێت. بەڵام ئەم پۆزەتیف بوونە تەنها بۆ کەسانێکە کە دەتوانن ئازار بگۆرنە سەر شێوازێکی تر. یان ئازار لای ئەوان ئەو شەیتانەیە کە فاوستی گۆتە پێویستی پێیەتی بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە نوسین. بەڵام بۆ زۆرینەی خەڵکی ئەم ئازارە هەر بە ئازار دەمێنێتەوە. بۆیە کاتێ کە نوسەرێ لە روانگەی ئەوانی ترەوە دونیا دەبینێ ئەدەبێکی پڕ لە ئازار دەنوسێ. کاتێ دەقێ دەربارەی پیاوێکە کەتەمەنی گەنجێتی لە کامپی پەنابەریا کوشتوە لە چاوەروانی پارچە کاغەزێکا، بۆ ئەوەی مافی پەنابەری پێببەخشرێ، پیاوێکی وەها بۆ ئەوەی لەرووی دەرونیەوە نەروخێ پێویستی بەوەیە ئەو ماڵەی کەلێی دابراوە وەک بەهەشت وێنای بکات.

ئەگەر  سیمای تاراوگە دابران بێت، ئەوا لە سەدەی بیست و یەکا دابران بە هەمان شێوەی سەردەمی نالی نیە. لە سەردەمێکا کە بەهۆی تەلەفزیونی کەناڵە ئاسمانیەکانەوە، ئامێرەکانی تەلەفونی مۆبایلەوە دابران پێویستی بە سەر لەنوێ دارشتنەوەیە. لە کاتێکا دەتوانی رۆژانە دیمەنی وولات ببینی، ئەگەر بتەوێ دەتوانێ گوێت لەدەنگی هەرکەسێک بێت کە دەتەوێ کاتێک لە ژورەکەتا دانیشتووی، هەر هەواڵێکت مەبەست بێت لە رێی کەناڵە جیاجیاکانەوە دەتوانی بە دەستت بگات، دەتوانی رۆژانەو هەفتانە رۆژنامەو گۆڤارەکانی وولات بخوێنیتەوە. لێرەدا بەهۆی تەکنەلۆجیاوە تێکچونێک هەیە لە نێوان مادی (ئەکچواڵ) و مەعنەویدا (ڤێرچواڵ). ئایا بۆ کەسێکی نامۆ کوی ئەکچواڵە و کوێ ڤێرچواڵە؟؟ دەزانین کە هەردوو دۆخەکە چ ئەکچوال و چ ڤێرچوال دۆخی بونن. وە هەروەها لە دۆلۆزەوە فێری ئەوە بوین کە هەموو بوونێک لە هەمانکاتدا هەردوو شێوازەکە لە خۆی دەگرێ. کەواتە بۆ کوردێک لە تاراوگە کوردوستان لە هەمانکاتدا بونێکی مادی و بونێکی نامادی(مەعنەوی) هەیە، بە هەمان شێوەش تاراوگە. ئەم ئامادەبوونە مەعنەویەی کوردوستان بەشێوەیەکی تۆکمە. لە کاتێکا یەکێک لە خەسڵەتەکانی بوونی مەعنەوی نەگۆرانە ئەوا کوردوستان لە جیاتی ئەوەی ببێتە سەرزەمینێک کە بە بەراورد بە شوێنەکانی تر وەبەرهەم بهێنرێتەوە، دەبێتە سەرزەمینێک ڤێرچوال کە نابێ بگۆردرێت.

بۆ ئەوەی ئەدەبی تاراوگە لە دایک بێت پێوسیتە نوسەرەکەی لە رێگای زمانێکی ترەوە لە کوردوستان بنوارێ. یان بە زمانێکی تر بنوسێ. لە میانەی شەری ناوخوی یوگوسلافیای پێشودا ئەڵسکەندەر هێمون وەک پەنابەرێکی سیاسی چوە وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا. هێمون دەرچووی ئادابی ئینگلیزی زانکۆی سەراییفۆ بوو. هەر بە گەشتنی بە ئەمریکا بریاری دا زمانی ئینگلیزی بکاتە زمانی نوسینی، دوای سێ ساڵ هێمون یەکەم کورتە چیرۆکی نووسی. ئەمرۆ ئەو لە نێو ئەدەبیاتی ئینگلیزی زماندا بەشێوەیەکی بەربڵاو ناسراوە. خاوەنی کۆمەڵە چیرۆکێکە بەناوی پرسیارەکانی برۆنۆ و رۆمانێک بە ناوێ کەسی خەڵکی هیچ کوێ. هەروەها لە گۆڤارە ناسراو و بەربڵاوەکاندا وەک نیورکەر و گرانتادا بەرهەمەکانی بڵاو دەکاتەوە.